# له كاتى سوجده بردندا ڕێک ببنەوە، وبا هیچ یەکێکتان باڵی ڕانەخاتە سەر زەوی وەکو باڵ ڕاخستنی سەگ

له ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «له کاتى سوجده بردندا ڕێک ببنەوە، وبا هیچ یەکێکتان باڵی ڕانەخاتە سەر زەوی وەکو باڵ ڕاخستنی سەگ».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی کرد بە سوجدە بردن بە شێوەیەکی ڕێک وجوان، بە شێوەیەک کە ناو لەپەکانی لە سەر زەوی بێت وپەنجەکانی پێکەوە بلکێنێت بەرەو ڕووی قیبلە، وهەردوو باڵی بەرز بکاتەوە بۆ هەردوو لای، چونکە ئەمە نیشانەی چالاکی وڕەجا کردنە لە خودا لە کاتی نوێژدا، وئەم شێوە ڕێکە وا لە ئەندامەکان دەکات کە بەشی خۆیان وەربگرن لە پەرستنی خودا، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە ڕاخستنی باڵەکان بۆ سەر زەوی لە کاتی سوجدەدا؛ چونکە ئەمە نیشانەی بێزاری وتەمەڵەییە، وخۆچواندنی تێدایە بە سەگ کە ئەمیش شتێکی ناشیرینە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3111